بافڵ تاڵبانی لڵ هەوڵێر پێشوازی لڵ شاندێکی باڵای دەم پارتی باکووری کوردستان کرد



بافڵ تاڵبانی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتیی لڵ هەوڵێر پێشوازیی لڵ وەفدێکی باڵای پارتی یەکسانی و دیموکراتیی گەلان (دەم پارتی) کرد کڵ پێکهاتبوون لڵ تولای هاتیمغولاری ئەروچ، هاوسەرۆکی دەم پارتی و کۆسکین بایندر، هاوسەرۆکی پارتی هەڤبەندی دیموکراتییەکان و ئیبرو گونای، جێگری هاوسەرۆکی دەم پارتی و لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوە و بەردان ئۆزتورک، وتەبێژی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی دەم پارتی.

لڵ کۆبوونەوەکەدا دۆخی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت سووریا گفتوگۆی لەبارەوەکرا و جەخت لڵ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکان و دووڕکەوتنەوە لڵ بژاردەی شەڕ کرایەوە.

بەگوێرەی ڕاگەیاندراوەکی مەکتەبی ڕاگەیاندنی سەرۆکی یەکێتیی، لڵ کۆبوونەوەکەدا هەردوولا جەختیان لڵ پاراستنی مافەکان و ڕۆزگرتن لڵ ئیرادەی سەرجەم نەتەوە و پێکهاتەکانی سووریا بەتایبەت گەلی کورد کردەوە، داواشکرا هەموان پێکەوە بە یەکسانی بیار لڵ چارەنووسی وڵاتەکە بدەن و قۆناغێکی نوێی حوکمڕانی بهێننە کایەوە.

بافڵ تاڵبانی ڕایگەیاند، پشتیوانیی هەموو ئەو هەوڵانە دەکەین کڵ ئامانجێکی پاراستنی مافەکانی گەلی کورد لڵ سووریا، پاپشتیی گەلەکەشمان دەکەین لڵ ڕۆژئاوا بە سەرخستنی ئامانجەکانیان.

هەروەها هەوڵکانی بەرز مەزوم عەبدی لەم قۆناغە هەستیاردا بۆ پاراستنی ئارامیی ناوچەکە بەرزدەنرخێنین و هیوادارین هەموولایەک بەهەمان ڕێحییەتەوە هەوڵ بۆ چارەسەری کێشەکان بدەن.

لەبەرامبەردا وەفدی باڵای دەم پارتی پێزانینیان بۆ هەوڵستی کوردستانییانەی سەرکردایەتیی نیشتمانیی کوردستان دەربڕی کە وەک هەمیشە هاوکار و پشتیوانبوون بۆ پاراستنی مافی کورد و ڕوونیان کردەوە، دەم پارتی بۆ سیاسەتکی نیشتمانییانەو کار بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و سەقامگیری دەکات، بەگومان هەوڵکانیشمان لەپێناو پاراستنی مافکانی گەلی کورد لە سووریا بەردەوامدەبێت.